٩٢ < كوردى
٩٣ < كوردى

فەرهەنگی

زاراوەی ئاگری ڕاگەیاندن

ئینگلیزی - کوردی - عەرەبی

بەدران ئەحمەد حەبیب

ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کوردستان

43687

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

وشەیەک

جاران فێربوونی مرۆڤ لە چوارچێوەی ماڵ و فێرگەدا بوو و لە تەمەنێکی دیاریکراویشدا ئەم کردەوەیە دەوەستا و بەکۆتا دەگەیشت. کەچی ئەمڕۆ هۆیەلی ڕاگەیاندن سەرلەبەری ژیانی مرۆڤیان تەنیوەتەوە و کردوویانە بەفێرگەیەکی گەورە. ئێستە مرۆڤگەل ڕۆژانە و شەوانە، کاتێکی زۆر بۆ خۆ خستنەبەر ڕاگەیاندن تەرخان دەکەن. ئەمەش بووە بەهۆی ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گەورە لە گەیاندنی زانیاری و پێگەیاندنی ڕاستیدا بگێڕێ و، مرۆڤی ئەم سەردەمە بەهۆشیارییەکی زیاترەوە ماملە لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا بکات.

لە کۆمەڵگەی نوێدا، هۆیەلی ڕاگەیاندن دامەزراوەیەکن، ئەرکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەتەریب و هاوشانی دامەزراوەیلی تری (وەک خێزان و فێرگە) دەگرنە ئەستۆی خۆیان؛ لەوانەیە لەوانیش چاتر ئەو ئەرکە بەجێ بگەیێن؛ بەتایبەتیش لە سەردەمێکی گۆڕاوی وادا کە پێشهاتگەل خێرا و بەپەلە و ساتانین (واتە هەموو کۆمەڵایەتییەکانی خۆی ڕادەبێ و بەدەم بانگەوازی غەیرەوە دەچێ و، باشتر و زیاتر دەربەستە بەکێشەگەلی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەوە.

لە هەمان کاتدا ڕاگەیاندن دەلیڤە و دەرفەتی نێزیکبوونەوەی جەماوەریانە لە نێوانی تاکەیلی کۆمەڵدا دەڕەخسێنێ و، دەرفەت بەمرۆڤ دەدات، دەنگوباس و هەوالی خەڵکی تر (چ دوور بن چ نێزیک)، بزانێت. ئەمەش هەڵ و بواری یەکترناسینی کۆمەڵایەتی و نێزیکبوونەوە لە یەکتر زیاد دەکات و، دەبێ بەمایەی حالی بوون لە بارودۆخ و ڕەوشی خەڵکانی تر و هاوسۆزبوون لەگەڵیاندا.

ڕاگەیاندن ئەرکی فێرکاری و زانستیاریش ڕادەپەڕێنێ، ئەمەش بەوەی کە زانیاریی تایبەت لەبارەی هەلومەرجی دەوروپشتمانەوە دەخاتە بەردەست و چاومان. ئەم هۆیەلە، زانیاری و پسپۆڕی و هتر لە نێوانی خەڵکدا دەگوازنەوە بۆ ئەوەی بیریان ڕۆناک بکەنەوە و ئاستی بیرکردنەوە و زانستیان بەرەوژوورتر هەڵکشێنن و، هەڵوێستیان لە ناست ڕووداو و پێشهاتگەلی کۆمەڵایەتیدا بسازێنن. هەروەها ڕاگەیاندن بۆ پێ سەلماندن یان بڕوا پێ هێنانی جەماوەری بەرکەوتووی پەیامی ڕاگەیاندن بەکاردێت. ئەم

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب: فەرهەنگی زاراوەگەلی راگەیاندن
دانانی: بەدران ئەحمەد حەبیب
لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان
دەرهێنانی هونەرییانەی بەرگ: ئاراس نەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد حەمید
سەرپەرشتیاری کاروباری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: ٢٠٠٥ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. هەولێر
لە بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە ٢٠٣ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

کەواتە: ناسینی ئەم بوار و دەلیقە ژیوار و زیندەلە، کار و ئەرکێکی پێویست و شایانە.

لەم فەرهەنگۆکەدا، ویستوومە دوو پرس جێبەجێ بکەم:

یەکەمیان: لایەنی پیشەی راگەیاندن و شرۆڤەکردنی زاراوەیلی بواری راگەیاندن، ئەویش بە زمانێکی پوختە و ڕەوان و راستەوخۆ. زۆربەی ئەمانەشم لە سەرچاوە و ژێدەرەیلەوە هەڵێنجاوە و، لە دواییش ئەم نامیلکەیەدا ئامادەم بەو سەرچاوە و ژێدەرانەش کردووە کە سوودم لێ بینیون.

دووەمیشیان: لایەنی زاراوەسازییە، کە لە مەیاندا پشتم بەبیر و رامان و هزری خۆم بەستووە، لەبەرئەوەی ئەم بوارە بوارێکی فەرامۆشکراو و پشتگوێخراو و کەس ئاوڕ لێ نەداوەی ڕۆشنبیریی کوردییە و سەرچاوەی لەبارەوە کێمە.

هیوادارم ئەو کەسەی لە توانایدا هەیە، کەوا کەموکورتی و چەوتی و چەوێڵییەکانی ئەم کارە بخاتە ڕوو، با دڕێغی نەکات، ئەمە پرسێکی گشتییە و پێوەندیداری هەموومانە.

بەدران ئەحمەد حەبیب

ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کوردستان

هەولێر ٤ حوزەیران ٢٠٠٥

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

بڕوا بێ هێنانەش بەمەبەستی گەیاندنی فەلسەفەیەکی تایبەت یان بۆچوونێکی دیاریکراو، یان بیر و هزرێک، یان هاندانێکە لەپێناو کردنی کارێکی تایبەتدا.

لە هەمان کاتدا ڕاگەیاندن دەروازەی گفتوگۆ و دەمەتەقێ و خستنەڕووی تیلەچاوی جیاجیا دەخاتە سەر گازەرای پشت؛ بەڵگە و دەستهاوێژ و شایەد پێشان دەدات و، دەبێ بەهاندەری سەرهەڵدانی گفتوگۆی کۆمەڵایەتی و بیرگۆڕینەوەی بنیاتنەر بۆ گەلێ پرس کە بۆ هاوولاتیان زیندەڵ و گرینگن. ئەمانەش سەرئەنجام دەبن بەمایەی زیاتر بایەخدانی خەڵک بەکێشە گشتییەکان و هاوپاربوون تیایاندا. وێڕای ئەمە گفتوگۆ و دەمەتەقێ و مشتومڕ و بیر گۆڕینەوە لە ڕێگەی هۆیەلی ڕاگەیاندنەوە، دەبن بەیاریدەر بۆ کۆبوونەی خەڵک لە دەوری کێشەگەلە جیاجیاکان و، کۆکبوونیان لە سەر ئامانجێکی تاک و تەنیا کە ئەم ئامانجە بۆ زۆرینەی خەڵک پەسند و مایەی ڕەزامەندی بن. دواجاریش ڕازیبوونی هەموو لایەکیان لەسەری و، هەروەها سووک و ساناکردنی کردەوەی بڕیاردانیش لە نێوانی ئەم کۆمەڵە خەڵکەدا بەئەنجام دەگەینێت.

لە هەمان کاتدا، ڕاگەیاندن دەرفەتی پێشبڕکەی پاک و ئارمانجدار دێنێتە کایە، ئەویش لە ڕێگەی تێشکدانەسەر ئەو هێزانەی کە لە ململانە ڕۆژانەییەکاندا، سەرکەوتن و دەستکەوتنی فرەتر و بەرزتر بەدەست دێنن. ڕاگەیاندن، وێڕای ئەمە هۆکار و شێوازی ئەم سەرکەوتن و دەستکەوتنانەش ڕۆن و شیتەڵ دەکاتەوە. بەم ناوایە، ڕاگەیاندن دەبێ بەهاندەری تاکەیل و، بزواندنی هیوا و خواستیان بۆ لاسایی کردنەوەی نموونە بەرز و بالاکانی ناو کۆمەڵگە، وەک: گەورە هونەرمەندان، خەباتکارانی سیاسی و قارەمانانی بەرگری لە کۆمەڵگە و نیشتمان، بنووسان و وەرزشوانان و داهێنەرانی بوارگەلە زانستییە جیاجیاکان و هتد.... بەم پێودانگە، ڕاگەیاندن دەبێ بەهۆی بزاوتنی ئامانجی نەتەوەیی و نیشتمانی، ئەویش کاتێ کە هێماگەلی میژوویی و کۆمەڵایەتی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکان دێنێتە سەر بەڕەی باسکردن و وروژاندن.

وێڕای ئەمانە هەمووی، ڕاگەیاندن ئەرکی کات ڕابواردن و خۆش بەسەر بردنی ژیان بۆ ئەندامگەلی کۆمەڵ و سووککردنی باری گرانی ڕۆژانە و دەرکردنی ماندووەتییان بەجێ دەگەینێ. بۆ ئەم نیاز و خوازە، هۆیەلی ڕاگەیاندن گەلێک بەرنامە ئامادە دەکەن و، لە سایەی خستنەڕوویانەوە، دڵ و دەروونی وەرگرەکانیان خۆش و پاراو دەکەن.

کەواتە: ئەمەیە ڕاگەیاندن.

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library